ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

نازدار دەربارەی خۆی و بەرهەمەکانی دەدوێ

نازدار خانمە سترانبێژی کورد لە دیمانەیەکدا رۆژی ٢٨ی ئەیلولی ئەمساڵ بە بەشی کوردی رادیۆی ئەڵمانیای گوتوە: 'وێڕای ئەوەی ئاستی دەنگی منە لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆر دەگونجێ و منیش لەنێو گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا گەورە بوومە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە تەنیا ئەو شێوازە پەرە پێبدەم، بەڵکو هەوڵی نوێکردنەوەو داهێنانی شێوازەکانی دیکەی گۆرانی دەدەم ، تواناو شیانی خۆم بۆ داهێنان دەکار دەکەم. گۆرانی فۆلکلۆر دەربری زێدو نیشتمان و کەسایەتی منیش دەکات، من گۆرانی تایبەتیم چڕیوە، هەیانە تەواو ئەڤینیە، خۆشەویستیە، کۆمەڵایەتیە و کوردایەتیە، بەڵام هەی دنیایی هەموو بابەتەکانی لەخۆی گرتووە، هەم ئەڤینی و دڵداریە هەمیش ئێش و ئازاری دووری نیشتمان و غوربەتی تێدایە.

نازدار دەڵێ: 'مخابن لەنێو کۆمەڵگەی ئێمە دا، ژن بە بچووکی دەبینن، مافەکانی دەخوری و ستەمی لێدەکرێ، پیاو لە جیاتی ئەو بڕیار دەدات، ئەمەش نارەوایەو زیان دەگەیەنێ. کاتێک بڕیارمدا ببمە گۆرانی بێژ ویستم بەرخۆدان بکەم، بڵێم ژنی کوردیش شیانی ئەوەی هەیە ببێتە هونەرمەند و بوونی خۆی بسەڵمێنێ. ئەمە شەرم نیە و مافێکی رەوای ژنانە و سەر بڵندییە، هەندێک جار دایکان و باوکان کە دەبینن کچێک گۆرانی دەسترێ، دەڵێن: ئەوە چەند لێهاتووە، چەند باس گۆرانی دەسترێ، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە کە رێگەی کچی خۆیان بدەن تا ببێتە گۆرانیبێژ.

نازادار دەڵێ: 'جوانی بە تەنیا بۆ گۆرانیبێژ بەس نیە، من دەنگم هەیەو گۆرانیم چڕیوەو دام ناوە، کچ بە بەهرەوی خۆی و هاوکاری بنەماڵەکەی دەتوانێ پێشبکەوێ و خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی بکات.

زەکەریا بەشداری ڤێستڤاڵی ستۆکهۆلم دەکات

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە هونەرمەندی گۆرانیبێژ **زەکەریا عەبدوڵلا** بەنوێنەرایەتی مۆزیکی کوردی بەشداری لە ڤێستڤاڵی Orientfestîval دا دەکات کە لە رۆژانی رابردوودا لە شاری ستۆکهۆلمی وڵاتی سویدا دەستی بەکارەکانی خۆی کردووەو ئەمڕۆ یەکشەممە کاتژمێر ١٩ی ئێوارە بە کۆنسێرتیکی زەکەریا ڤێستڤاڵەکە کۆتایی بە کارەکانی خۆی دەهێنێ.

ئەوەی ئاشکرابووە کە سی ژەنیاری کوردستانی هاوکاری زەکەریا دەکەن و کۆنسێرتەکەی بۆ دەرازێنەوە، لەم بارەیەوە زەکەریا عەبدوڵلا بە رادیۆی زایەڵەی گوتوە کە : ماوەی مانگێکە سی ژەنیار لە کوردستانەوە یاوەری ئەویان کردووەو هاتوون و بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتەکە ، هەروەها پڕۆژەی تایبەتیان کردووە، لەو کۆنسێرتەشدا گۆرانی نوێ پێشکەش دەکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کۆنسێرتەی زەکەریا لە هۆڵی **Konserthuset**بەڕێوە دەچێ و چوونە ژوور بە پارەیەو بەهای بلیت بۆ گەوران ٥٦٠ کرۆن و بۆ منداڵانیش ٢٨٠ کرۆنە.

هەرچەندە کە بەشداریکردنی زەکەریا لەو ڤێستڤاڵەدا دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێ، بەڵام هەندێک لە گۆرانیبێژان هەست بە نیگەرانی دەکەن و پێیانوایە کە گۆرانیەکانی زەکەریا رەنگ لە سیمای کوردەواری نادەنەوەو زیاتر مۆرکی تورکیا پێوەیە، ئەگەر گۆرانیەکانی ئەو کۆنسێرتەش لەسەر ئەو شێوازە بێ، زیان بە هونەری کوردی دەگەیەنێ، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە بەشداربوونی گۆرانیبێژێکی کورد لەو ڤێستڤاڵەدا واتای ئەوەیە کە هونەری کوردی هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە هاوێشتووەو لە داهاتووشدا چانسی ئەوەی دەبێ کە لە ڤێستڤاڵەکانی نێو دەوڵەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان تر بەشداریان تێدا بکات.

ئامادەکردنی: ژینۆ

پەیڤێک سەبارەت بە شەهریاری جەمشیدی

شەهریاری جەمشیدی ساڵی ١٩٧١ لە شاری کرمانشای رۆژهەڵاتی کوردستاندا چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە، هەرچەندە کە بنەماڵەکەیان بەلای هونەری گۆرانی و مۆزیکەوە دانەدەچوون، بەڵام هەر لەگەڵ چوونە فێرگەوە، ئەو ئاشقی هونەر بوو، ماوەیەک خۆی بە خوێندنەوە، دواتر خەریکی خۆشنووسی بوو، بەڵام سەرەنجام لەتەک مۆزیکدا گیرسایەوە.

سەرەتا لەسەر دەستی مامۆستا مەحمودی مرێتی فیری کەمانجە ژەنین بووە، دوو ساڵ لەبەردەستی ئەودا ماوەتەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٩٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی مۆزیکی ئێرانی لە کۆلێژی هونەر لە زانکۆی هونەری تاران وەرگرتووە.

دەبێ بگوترێ کە شەهریاری جەمشیدی لە زانکۆدا لە بواری ئاکادیمی و هارموونی و مێژووی مۆزیکی جیهانی وئێرانیدا سوودی زۆری لە ئەحمەد پژمان، مستەفا کەماڵ پوور تورااب، دکتۆر کامبیز روشەن رەوان، دکتۆر ئەمیر حۆسین ئاریان پوور، هۆشەنگ کامکار، شەریف لۆتفی، محسن ئێلهامیان، تەقی بینێش، وەرگرتووە کە وانەیان پێدەگوتەوەو هاوکاریان دەگەڵدا دەکرد. بۆ فێربوونی کەمانچەش سوودی زۆری لە ئەردەشێر کامکار و هادی مونتەزری وەرگرتووە و لەسەر دەستی ئەوان دا پێگەیشتووە.

شەهریاری جەمشیدی پێیوایە کە ئەگەر مامۆستا موجتەبای میرزادەی نەدیبایە، هەرگیز بەو شێوە زانیاری لەسەر کەمانچەی کوردی بە دەست نەدەهێنا.

لە ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦ ئەو کاتەی لە زانکۆدا دەیخوێند، هاوکات سەرپەرشتی تیپی مۆزیکی سونەتی کۆلێژی بە ئەستۆوەبوو.

شەهریار وەک هونەرمەندێکی بە توانا هاتە کۆڕی هونەری مۆزیکاوە، لەگەڵ گەورە گۆرانیبێژاندا هاوکاری کرد، دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٢ دا لە ستۆدیۆی دەنگ لە رادیۆو تەلەفزیونی کرماشان وەک چاودێری دەنگ دەست بەکاربوو، لەو ماوەیەدا لە سازکردن و دابەشکردنی چەند پارچە بەرهەم و مۆزیکی کوردی نەخشی هەبووە، ساڵی ٢٠٠٣ سەرپەرشتی کۆنسێرتێکی بۆ تیپی ژیوار لە تاران کردووە، هەروەها ساڵی ٢٠٠٣ رۆڵی بەرچاوی لە دامەزراندنی تیپی موسیقای دیلان بە یادی هونەرمەندی نەمڕ قادر دیلان دا هەبووەو چەند بەرنامەی هونەری لەهۆڵەکانی شاری تاران وەکو رودەکی و ئەرەسباران لەگەڵ هونەرمەندان فەریبورز رئووفی ئەنجام داوە.

ساڵی ٢٠٠٤ لە دابەشکردن مۆزیک و تۆمارکردنی ئەلبومی ئەڵوەناتی هاوکاری دەگەڵ هونەرمەند یەدوڵا رحمانی دا کردووە.

لەساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ لەکۆنسێرتی هونەرمەندانداا هاوکاری کردووە کە رایەڵەکانی ئاسمانی وەکو کوردسات و زاگرۆس و هی دیکەدا سازی کردوون.

پاش سێ سال دابڕان لە شانۆ تیپی دیلان، لە هاوینی ٢٠٠٧ یەکەم بەرنامەی لە هۆڵی خێرەد لە تاران پێشکەش بە هونەر دۆستان کرد. لەو کونسێرتەدا مۆزیکی کرمانجی خوراسانی لەگەڵ مۆزیک و گۆرانی ناوچەی کرماشان بە ئامێری دوتار و کەمانچە تێکەڵاوکرد.

ئەوانەی کە شارەزاییان لە مۆزیک و ژەنین دا هەیە، پێیانوایە کە شەهریاری جەمشیری ئەو ئومێدەیە کە لە داهاتوودا شانازی پێوە دەکرێ.

سۆما سەقزی

گۆرانی جوانەمەرگ

عوسمان قادر

لەپرسەوماتەمینی هاوڕێ و بینەرو
خانەوادەکەت دا
لەڕێو ڕسمی بەخاک سپاردنەکەت دا
لەسەفەری کۆتا یەکەت دا
وشەکانم ڕێچکەدەگرن وپرسەت
بۆدەگیرن
بەگردی سەیوان و دوا مەنزلت هەڵ
دەڵێن
دەڵێن ئەی سەیوان ئارام بە..وا گۆرانی
هەست ناسک
هەمیشەزیندوو بارگەی ژیانی بۆ دواجار
تێک ناوە
لەباوەشت بەخاک سپێردراوە
گۆرانی جوانە مەرگ
تۆچرابووی لەشاشەکەی کوردساتدا
ڕۆشنت دەکرد گشت ماڵی بینەران
گۆرانی جوانە مەرگ
بڕوام نەبوو وا لەناکاو دڵمان پرکەیت
لەگریان
خۆ هیشتا زوو بوو بۆ کۆچت
کە تۆ لەدوورگەی سپێدەی خۆڕێکی هەڵ
نەهاتوو دەچووی
کەوا کازیوەی بەرە بەیان چاوەڕێی
هەڵاتنی دەکردی
بۆ جێت هێشتین؟
خۆئێستا وەرزی چرۆکردنی تەمەنت بوو
بۆ وا زوو رەشەبای مەرگ ڕێی پێگرتی
لەتەواوی بینەران وهاوڕێ وکەسەکانت
بەدووری خستی

Osman_qadr@hotmail.com

لە نێوان رۆژنامەوان و رۆژنامەکوژدا

رۆژنامەوانی پێش ئەوەی پڕۆسەی نووسین و گەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکان بێ، پیشەیێکی رەوشتیەو بەهایێکی پیرۆزی هەیە، بەڵام مخابن! ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا بەهۆی زۆری و بۆری بڵاوکراوەکانەوە، خەریکە ئەو پیشە لەگەڵ رق و کینەو بێ ئاگایی دا تێکەڵاو دەکرێ.

رۆژنامەوان پێویستی بە پاشخانێکی زانیاری و رۆشنبیری هەیە، هەر کەسێک ئەگەر بیەوێ ببێتە رۆژنامەوانێکی ناسراوو جێگەی رێز، دەبێ شەونخونی بکات و بەدوای زانست و زانیاری هەمە جۆردا بگەڕێ. ناکرێ رۆژنامەنووس تەنیا لە بوارێکی تەسکدا خۆی قەتیس بکات و لە گۆشەیەکدا خۆی مت بکات، بەڵکو پێویستە زۆر هۆشیارانەو لێزانانە رەفتار لەگەڵ هەواڵ و زانیاریەکاندا بکات، ئەگەر دیداری کەسێکی کرد، دەبێ پێشوەخت زانیاری پێویستی لەسەر ئەو کەسە پەیدا کردبێ، نەبادا کەسەکە فریوی بدات و زانیاری هەڵەی پێبفرۆشێ و زمانی کورتی بکات. ئێستا ئەو دیاردەیە زۆر بە ئاشکرایی بەسەر پەیامنێرانی هەندێک لە بڵاوکراوەکانی کوردستاندا تێپەڕ دەبێ، کەسانێک هەن ئاگایان لە بەندەی بێژەوار نیە، کەچی لەبەردەم پەیامنێرەکەدا خۆیان بە زاناو دنیا دیدە پێشان دەدەن، کەچی کاکی پەیامنێر دوای بەڵگەی لێتاکات، یان لێی ناپرسێ کە ئایا بەرێزتان ئەوکاتانە چ کارە بوونە؟! ئایا خۆتان دەنێو رووداوەکاندا ژیاون یان دەماودەم بۆتان هاتووە؟!

بۆ ئەوەی رۆژنامەوان و رۆژنامەکوژ لەیەکتری جیا بکرێتەوە، دەبێ پێوانەیەک بۆ ئاستی زانیاری و رۆشنبیری کەسەکان بکرێ، هەرچی هات و ریکۆردەری پێنەدرێ و هەرچی دیمانەیەکیشی هێنا بەبێ لێکۆڵینەوە بۆی دانەبەزێندرێ. هەر رۆژنامەوانێک ئەگەر درۆ و بوختانی دیمانەکاری بەسەر تێپەڕبوو، ئاکاری رۆژنامەکوژ وەردەگرێ، لەجیاتی خوێنەر بۆ بڵاوکراوەکەی پەیدا بکات، خوێنەری لێ دەتۆرێنێ.

رۆژنامەوان و پەیامنێران بۆ ئەوەی لە داوو تەڵەی بوختانچیان و درۆزنان نەکەون، دەبێ زۆر بە وریاییەوە خۆیان بۆ دیدارو دیمانەکان ئامادە بکەن، هەر پەیامنێرو نوێنەری بڵاوکراوەیەک ئەگەر شیانی ئەوەی نەبێ کە زانیاری تەواو دەربارەی ئەو کەسانە کۆبکاتەوە کە دەیەوێ بیان دوێنێ، دەبێ کاتی دیدارەکە هەڵوەشێنێتەوەو تا ئەوکاتەی زانیاری پێویست بەرهەڤ دەکات، باس لە دواندن و چاوپێکەوتن نەکات. لەم بەستێنەدا دەبێ بگوترێ کە مخابن، ئێستا ژمارەی رۆژنامەکوژەکان لە ژمارەی رۆژنامەوانان زۆرترە، تەنانەت ئەو دەرفەتی بۆ رۆژنامەکوژەکان دەرەخسێندرێ، بەدەگمەن بۆ رۆژنامەوانی راستین هەڵدەکەوێ. رۆژنامەوان رێگە بەخۆی نادات لەهیچ و خۆڕایی بێڕێزی و سوکایەتی بە مرۆڤەکان بکات و قسەی بێ بنەمای دیمانەکار ناکاتە مانشێت. رۆژنامەوان هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی رەوشت و یاسادا درێژە بەکارەکەی بدات، هەواڵ و زانیاریەکان وەک هەن بە خوێنەران بگەیەنێ، بەڵام رۆژنامەکوژ باکی بە رەوشت و پیشەکەی و ناوبانگی بڵاوکراوەکەی نیە، مەبەستیەتی ئەو ئەرکەی پێیسپێردراوە بەباشی بەڕێوەی ببات و پاداشتی خۆی وەربگرێ، بەوهۆیەوە خۆی و بڵاوکراوەکەی دووچاری لێپرسینەوەو بێ بەهایی دەکاتەوە. ئاخۆ کەی دێ تێکڕای سەرنووسەرو ستافی بڵاوکراوەکانی کوردستانیش لە واتای رۆژنامەوانی تێدەگەن و رۆژنامەکوژ وەدەر دەنێن.

رێکار ئەحمەد
rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

رۆژی گەل، هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتیە، ژمارە (217) یەکشەممە 5-10-2008

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com